www.kurdistannet.org
13/05/2003 14:54

# هەڵدانەوەی گۆڕیکی بە کۆمەڵ لە هۆڵندا

سالّح محەممەد ئەمین

لەم تاراوگەییەی، ساتێك چییە وەك مرۆڤێكی ئاسایی تیایدا نەژیاوم‌و هەر بە جەستە لێیم، زۆرجار یادم دەكردیت و قسە خۆشەكانتم دەگێڕایەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە لە هەمووی زیاتر. كە لە ناوەڕاستی بەغدا دا، پەتیان لەملی پەیكەرێكی كەتەی زوحاكی سەردەم ناو ڕایانكێشایە خوار، ئەو زوحاكەی زیاتر لە سی دانە ساڵی ڕەبەق، وەك نەریتێكی بێمانای ناوچەكە، بە زۆرەملەو ڕێگایەكی ناڕەوا خۆی بەسەردا سەپاندین‌و، تاڵاوی دنیای بە قوڕگی ئێمەی كورد بەتایبەتی‌و، گەلی عێراق بە گشتیدا، كرد. ئەو كاتەم بیركەوتەوە كە خاڵە "عومەر"[1]ت بە بەردەمی وێنە زەبەلاحەكەی بەردەمی بارەگاكەی بەعسدا بردینی، ئەو وێنەیەی بۆ سووكایەتی‌و پەستینەوەی زیاتری خەمە زۆرەكەی دڵمان، بە ڕانكوچۆغەیەكی شینكییەوە گرتبووی. جا چونكە ماوەیەك ونببوو، وتت: "نەمردین ئەمیشمان لەگۆڕنا!".. داخم ناچێ، تۆ بە بەسەرهاتێكی تراژیدیا، ناكاو گیانت سپاردو ئەم ڕۆژەت نەبینی، كە بەردەوام نوقڵانەت بۆ لێدەدا.. ئەو شەوەشم بیركەوتەوە كە تۆو "حەسیب قەرەداغی"[2] شاعیر بەرامبەر بەیەك دانیشتبوون. ئەو ماوەیەكی كەمبوو "كەژاڵ"ی[3]كچە گەورەی، لە دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بەكەلۆریۆس‌و، لە كاتی گەڕانەوەیدا بۆ شار، بە كارەساتێكی ناخۆشی ڕێگەوبان گیانی لەدەست دابوو، تۆش زۆرنەبوو "سۆران"[4]ت بە دەستی چەپەڵی ژینكوژان لە خۆپیشاندانەكانی ١٩٨٣دا سەری نابۆوە. ئەو بۆ كچە نازدارەكەی‌و تۆش بۆ "سۆران"، بێدەنگ‌و بێئەوەی كەسمان پێتان بزانین، سەرتان نەویكردبوو فرمێسكی گەرمتان دەڕشت. كە ئاوڕم لێدایتەوە، وەك بەكارێكی خراپەوە گرتبمی، نەتزانی چۆن خۆت لە نیگاكەم دەربازكەیت. سەرنجەكەم دەرزی ئاژنیكردیت‌و سەری پێبڵندكردیت، تا لە خۆتی دوورخەیتەوە بەسەر ئاماژەی شێخ حەسیبت بۆكردم.. "دوكتۆر خەسرەو خاڵ"ی[5] جوانە مەرگیش، خۆیئاسا بە پەرۆشەوە گوێی بۆ مقۆمقۆ شیعرییەكەی چاپی دووەمی "ڕازی تەنیایی" كاك "ئەحمەد هەردی" شلكردبوو، كە بەو بۆنەیەوە مامە"عومەر"[6]ت كۆیكردبووینەوە، چاوێكی هەر لای ئێوەبوو.. دوكتۆری جوانە مەرگ هەر دەرفەتێكی گۆڕینی باسەكەی بۆ بڕەخسایە، ئەوا كۆتایی فیلمە سامناكەكەی دێنایەگۆڕ، ئەو كۆتاییەی هەرسێكتان لێیبێبەش بوون. ئەگەرچی تۆو شێخ حەسیب چەند ساڵێكی دوای ڕاپەڕینتان گوزەراند، بەڵام دوكتۆری تامەزرۆی بینینی ئەو كۆتاییە، دواتیری ساڵی ئەنفال‌و كوردقڕان كوشتی‌و، چاوی هێجگارەكی لێكناو ئاوەتەكەشی لەگەڵ خۆیدا بردە خاكەوە..

ژینكوژان "سۆران"یشیان بەدەردی هەزارانی دی برد، نەتاندەزانی چییان لە تەرمەكەی كرد.. ماوەیەكی باش، بەدوای تەرم یان گۆڕەكەیدا وێڵبوون. بەهۆی ناسیاوێكتانەوە چنگتان لە گۆڕهەڵكەنەكەی شاردبوویەوە گیربوو. سەرەتا نە دەچووە ژێری، تا تەواو دڵنیاتان كرد، ئەمجا، تا ئەویش بەجەستەی "سۆران" نەبەن، بەڵێنی نەدركاندنی لە ناسیاوەكەی هەردووكتان وەرگرت. كاتێكیشی بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەكە دیاریكرد كە شاری خامۆشان بە میوانداریێتی كەسانێكی نوێوە خەریكبێ. بیست ساڵ دوای هەڵدانەوەی "چاڵی جەرگی پیرێژن"ەكەی "حسێن عارف"ی چیرۆك نووس، كە ئەویش بە چنگی بەعس و لە ڕەشبگیرەكەی "زەعیم سدیق"[7]دا، تیا چووبوو، "چاڵی جەرگی" دایكی سۆرانی هەش بەسەریان هەڵدایەوە، بەڵام ئەمیان لە بارێكدا كە دەبوا دایكی فززەی لێوە نەیەو، نەشتوانێ وەك پیرەژنەی چیرۆكەكە بەڕووی كەسدا هەڵشاخێ‌و داوای دۆزینەوەی جەرگی خۆی بكات.. ئەو ئێوارەیە بە جۆرێك باسی بە جەرگی ژنەكەی خزمتانت دەكرد، كە هەموو گیانمان بۆ بیستنت ببووە گوێ. چۆن بەو ژنێتییەی خۆیەوە، بێسڵكردنەوە چووبووە ناو گۆڕەكەو تەرمەكەی سۆرانی دەرهێنابوو، تا بە چاوی خۆتان ببینن‌و بڕوا بە نەمانی بكەن‌و وەك زۆری دی، دوای هەواڵی درۆی پارەكێشەرەوەكان نەكەون.. هەر ئەوسا دەمانزانی وڵاتیان كردۆتە گۆڕێكی بە كۆمەڵ‌و ژمارەیەكی بێشوماریشیان تێدا بەسەر یەكدیدا داوە، بەڵام دەگمەن نەبێ كەس پڕكێشی دركاندنی شوێنی هیچ كام لەو گۆڕانەی نەدەكرد.. ئەمڕۆ كە كونە مشك شوێنی كۆشكی بۆ ستەمكاران گرتۆتەوە، هەر جەرگ سووتاو و ئەژنۆ شكاوەو پاچ و خاكەنازو پێمەڕەی داوە بە شانیاو بە دوای جەرگی خۆیدا دەگەڕێ..

گومانم نییه، گەر لەو دنیاش پێتڕابگەیەنرێ، "من" وا لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە، لە ولاٌتێکدا کە بە نزمیو تەختی ناوبانگیمان بیستبوو، خەریکی هەڵدانەوەی گۆڕێکم "نۆ" هەرزەی کوردی تیادا شاردراوەتەوە، باوەڕناکەیت!!. "نۆ" هەرزە کە تەمەنیان لە ١٣ ساڵەوە تا ١٧ ساڵ بووە. کاتێك خاکەنازی پرسیار لە لوێچی گۆڕەکە گیردەکەم، گەلێك ئێسکی تر بەدەمییەوە دێت! "عەبدوالواحید"[٨]، کە برادەرەکانی ناو بەندیخانەی پێیان خۆشبووە "کاکە شوانە"ی پێبڵێن، هاواری لێهەڵدەستێ: (نەکەی ئازاری "مامە عومەری میرزا"[٩]و "خدر هروری" [١٠] بدەیت!! چونکە بەزیادەوە بەشی خۆیان ئەشکەنجە دراون.). "نۆ" کەس کەم تەمەنییان لە خاوەنی ئێسکی ١٩ گوللەباران کراوەکانی جوێکردوونەتەوەو، لەو جۆرە سزایەی ڕزگاری کردوون، بەڵام بە خۆراکی ئاگر کراون. باوەڕ نەکردنەکەت لەبەر ئەوە نییە کە بیرت بۆ بوونی گۆڕیکی وا ناچێت، نەخێر، چونکە تۆ لەوە ژیرتربووی کە نەزانی هەر یەکەمان چەندین گۆڕی بەکۆمەڵمان بەکۆڵەوەیەو لەگەڵ خۆمانیان دەگێڕین، بەڵکو لەبەر ناوی "من"ەکەیە. چونکە باش دەزانی "من" سەیری، نەك مردوویەکی ئاساییم پێناکرێ بەڵکو بۆ سەردانی نەخۆشێك پێ بەجەرگی خۆمدا دەنێم، جا وەرە کۆمەڵە "سۆران"ێکی هەرزە بێنەرە بەرچاو، کە لە ناو مەنجەنیقێکدا برژێنرابن‌و هەموو بە یەکدیدا لکابن.. ڕۆژانە لە چاوی "عەبدولواحید ـ کاکە شوان"ەدا ئەو مەنجەنیقە دەبینم کە لە ١٥/ ئەیلولی/١٩٨٠دا بۆ ئەم ١٠ کوڕوکاڵە داخرا.. عەبدولواحید، دوای بیستوسێ ساڵ، نەك کارەساتەکەی بەچاکی لەبەرچاوە بەڵکو بەدەم قریشکەو بۆچڕووکی سووتانی برادەرەکانییەوە، قسە خۆشەکانی "عومەری میرزا"ی سلێمانی و "خدر هرور"ی زاخۆی بە سەردا دەڕشێنێ.. بە گوێرەی هەڵدانەوەی گۆڕەکە، ئەمانیش بە چەکەوە گیراون!! پێت سەیر نەبێ، بە سەپراوە گیراون کە دروشمی دژی ڕژێمیان پێنووسیوە.. عەبدولواحید ئەو کوڕەبوو کە "شێخ عوسمان باراوی" لەکاتی بردنی تەرمی "شادمان"ی کوڕیا باسی دەکرد. دەیووت (بەعسییەکان بۆ زیاتر پەستکردن و بێزاریمان، کۆتەرەیەکیان نیشان دەدایین گوایە لە ناویاندا دەرباز بووەو هەموو بەسەرهاتەکە دەزانێ.. کوڕیك کە هەرچی ئادگاری مرۆڤانە بێ نەیماوە، باشە گەر ئەوە ساغەکەیانبێ، دەبێ ئەوان چییان بەسەر هاتبێ؟).. عەبدولواحید کە بەو ناوەوە خۆی بە برادەرەکانی ناساندبوو، پێیانووتبوو: ئەم ناوە عەرەبییە قورسە چییە؟.. هەر بۆیە وتبووی: "شڤان"یشم پێدەڵێن.. ئیتر ئەوانیش بە کاکە شوانە بانگیان کردبوو.. عەبدولواحید ڕەخنەی برادەرەکانی هێندە لا پەسەند بووە، ئێستا بە یادی ئەوانەوە خاوەنی "دێژین، ڕێژین، هەژار، بژار، هێژین، سەرهەڵدان، هێڤی"ە.. کاکە شوانە چەند جارێك سەری سلێمانی داوە تا ماڵی کەسوکاری ئەو تەرمانە ببینێتەوە کە هەمیشە لە هەستە ناسکەکەی خۆیدا هەڵیگرتوون‌و بەردەوام ناویانی لەسەر زارە.. کە دەڵێ هەرگیز ئەو برادەرانەم بیر ناچێتەوە، جاروبار کەسوکاری ئەوانەی لای خۆمانم دەبینی، بە ئاواتیشەوەبووم بە کەسێکی هەر یەك لە؛ مامە عومەرمیرزا، جەزا، جەمیل، شادمان، دەماوەند، لوقمان، شەخسە، ڕزگار لە سلێمانیو، بەکریش لە هەولێر شادبم.. من لێرە یەکێك لەو ئاواتانەیم هێنایە دی.. یەکەمجار لێرە "زانا"ی کوڕی عومەر میرزام ناسی، کە تابڵێی کوڕێکی ڕووخۆش و بەڕێز بوو تەلەفۆنەکەیم دا بە عەبدولواحیدو زۆر بە تامەزرۆییەوە دەنگیان بەیەك گەیشت..

کاکە کەمال، ناخی هەر کەسێك هەڵدەیتەوە، لانی کەم گۆڕێکی بەکۆمەڵی تیایە، کە ئەگەر نەڵێم سەدان کەس ئەوا بە دەیانی تێدایە، بڕوا بکە..

١ عومەری سۆفی ئەندازیارەو خاڵی کەمال ڕەئوف عەبولڕەحانە.

٢ حەسیب قەرەداخی شاعیر ١٩٢٩ _ ١٩٩٧

٣ کەژاڵ: بەهات حەسیب قەرەداخی چەند دێڕێکی بە ناونیشانی "بەسەرکردنەوەیەکی خێرای ویستگەکانی ژیانی حەسیب قەرەداخی نەمر" نووسیوێتی:"ساڵی ١٩٨٣ (کەژاڵ) گەورە کچی شاعیر لە ڕۆژی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکەلۆریۆسدا بە کارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی لە دەست دا.. " فەرهەنگی خەم، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی ٢٠٠٢، لاپەڕە ١٢، هەلێر.

٤ سۆران کوڕە گەورەی "کەمال ڕەئوف"ەو لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٣ ی قوتابیانی زانکۆدا، بە گوللەی پیاوانی ڕژێم گیانی لە دەست دا.

٥ دوکتۆر خەسرەو خاڵ، کوڕی شێخ مستەفای خاڵەو بەرپرسی مەکتەبی سوریای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و خاوەن قەڵەم و دۆستێکی نزیکی زۆربەی نووسەران بوو، لە ١٩٨٨/١٢/٣١دا لە شاری دیمەشق بە نەخۆشییەکی کوشندە گیانی سپارد.

٦ "عومەر عەبدولڕەحمان" خاوەنی کتێبخانەی سلێمانییە، پیاوێکی مەشرەف خۆش‌و دیاری شاری سلێمانییەو دۆستی تەنگانەی هەموو کەسێکە کە پەنای بۆبردبێ، کتێبخانەکەی هەمیشە شوێنی گردبوونەوەی نووسەر و ڕۆشنبیر و دۆستە هەڵبژاردەکانی خۆیەتی و مامی "کەمال ڕەئوف"ی جوانە مەرگیشە.

٧ زەعیم سدیق، ئامیر لیوای ٢٠ بوو لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا، لە شاری سلێمانی هاتوچۆی قەدەغەکردو چەندین کەسی گوللەبارانکردو بە هەزارانیشی ئاخنییە تەویلەی وڵاخی سەربازگەی سلێمانیو، ماوەیەکی زۆر بە بەندکراوی هێشتنییەوە.

٨ عەبدولواحید، یەکێکە لەو ١٠ کەسەی، دوای دادگاییکردنیان، لە کەرکوکەوە بەرەو بەندیخانەی ئەبوغرێبیان دەبەن، ئەویش کە بەهۆی تەمەن کەمییانەوە لە سێدارە دانیان بۆ دەکەنە ١٥ ساڵ بەندێتی، لە ڕێگا ئۆتۆمۆبیلەکەیان گڕ دەگرێ و، تەنیا ئەم دەردەچێ، ئێستا لە هۆڵەندا دەژی..

٩ عومەر میرزا پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی بووەو دوای برینداربوونی دەگیرێو، وەك عەبدولواحید بۆی باسکردم، لە "هیئەخاصە" ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدرێ و بەڵام هیچیان بۆ لێهەڵناکرێنرێ، دواتر لە موسڵ لە سێدارە دەدرێ.

١٠ خدر هروری لە ڕێکخستنی زاخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەمیش بەپێی قسەکانی عەبدولواحید زۆر بەجەرگ و ئازایانە بە ڕووی جەلاداکاندا وەستاوەو، لەگەڵ کاك عومەر میرزا دا بوونەتە پەنایەکی چاك بۆ ئەو ١٠ کوڕوکاڵەو سەرجەم بەندەکانی تری هیئەخاصە.

هۆڵەندا/ دیڵفت
٢٠٠٣/٥/١٢

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.